

پیاوان بە گومانن لەو ژمارانەی لە مۆبایلی هاوسەرەکانیاندایە

# مۆبایل کێشە دەخاتە نێوان ژن و مێردەکانەوە

**ژنێك " مێردەکەم وا ئەزانێت ئیشی تایبەتیم بە مۆبایل هەیە و دڵی لیٚ پیس کردووم "**

**راپۆرتی شۆخان موحەمەد و سەروەت عەبدوڵلا**

● مژدەی تەمەن (28) ساڵ کە هیچ گومانێك لە خۆیدا بەدی ناکات بەرامبەر مێردەکەی، بەڵام وەك خۆی دەیگێڕێتەوە چەندجار لێدانی خواردووە و تووشی ئازاری‌قورسی بووە بە دەست مێردەکەیەوە، ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی ژمارەیەکی نەناسراو بە هەڵە تەلەفۆنی بۆ کردووەو مێردەکەشی بە گومان بووە لەو ژمارەیە، مژدە دەڵێت"هەرچەندە خەتای خۆم بوو منیش وەك دراوسیٚ و هاوڕێکانم بە زۆر مۆبایلم بە مێردەکەم کڕی، کەچی بووە موسیبەتی ماڵەکەم، مێردەکەم وائەزانێت ئیشی تایبەتم بە مۆبایل هەیە و دڵی لیٚ پیس کردووم"

مژدە بە هەناسە هەڵکێشانێکی قوڵەوە وتی"مێردەکەم هەموو ڕۆژێك کە ئەهاتەوە سەیری مۆبایلەکەی ئەکردم"

ئەمە تەنها کێشەی مژدە نییە، بەڵکو کێشەی چەندین ژنی ترە کە مۆبایلەکانیان لە لایەن پیاوەکانیانەوە دەکەونە ژێر چاودێرییەوە.

(دڵسۆز)ی تەمەن (25) ساڵیش کە یەکێکە لەو ژنانە لەماوەی دەسگیرانداری تەنها (3) مانگە، بەڵام ئێستا بە تۆراوی لە ماڵی باوکیەتی ئەو هۆکاری سەرەکی تۆرانەکەی بۆ (مۆبایل) گەڕاندەوە وتی"مۆبایل چەندە سودی هەیە، زیانەکانی زیاترە" بەدەم قسەکردنەوە بە توڕەییەکەوە کەوتە سەرزەنشتکردنی ئەو لاوانەی بێکار خەریکی تەلەفۆنکردنی بیٚ مانان و بە خەڵکی ڕادەبوێرن" دڵسۆز ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەندێك هاوڕێی دەسگیرانەکەی درۆیان بە دەمەوە کردووە، تا وای لێهات مێردەکەم دڵی لیٚ پیسکردم.

ئەو وتی"نەك تەنیا دەسگیرانەکەم ماڵە خەزورانیشم باوەڕیان کرد و لێم توڕە بوون، منیش تەحەمولم نەما و هاتمەوە ماڵی باوکم"

یۆهان پێیوایە هیچ گرفت نییە کە کەسێکی نەناسراو تەلەفۆنی بۆ هاوسەرەکەمی بکات، چونکە وەکو خۆی وتی هەر لەسەرەتاوە متمانەیەکی گەورەی بەو هەبووە.
هەندێك لە پیاوان سەیرکردنی مۆبایلی هاوسەرەکانیان بە بەزاندنی حاڵەتێکی شەخسی و تایبەت نازانن.
(سالار فەتاح) کە خوێندکاری بەشی کۆمەڵناسییە لە زانکۆی سلێمانی، ئەم مەسەلەیە بە هاوبەش سەیر دەکات لە نێوان (ژن و مێردا) و وانازانێت ئەو مافی ئەوی پێشێل کردووە ئەگەر سەیری مۆبایلەکەی بکات، سالار بۆ دروستکردنی متمانە هەندێکجار بە مەبەست مۆبایلەکەی لای هاوسەرەکەی جێدەهێڵێت تا گومانی لا دروست نەبێت.
هەروەها ئاماژەی بەوەدا، ئەمە خەتەرێکی گەورەیە گەر بڵێین نابێت ژن و مێرد سەیری مۆبایلی یەکتری بکەن، چونکە ئازادی یەکتری دەکوژن.
ئەو پێیوابوو کە لە سەرەتای هاوسەرێتیدا "ژن و مێرد ئازادی یەکتریان بە یەك فرۆشتووە، مەگەر لە نێوان دوو هاوسەردا کە پێشینە مەرجێکی وایان هەبێت سەیری شتی یەکتر نەکەن"
سالار تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئەگەر کێشەیەکی لەو جۆرەش هەبێت یان گومانێك هەبێت ئەوا ژن و مێرد وەزیفەی خۆیانە کە گومانەکانیان برەوێننەوە نەك گەورەتری بکەن.







دڵپیسکردنی هاوسەرەکان لە یەکتر ڕەنگە تەنها نەگەڕێتەوە بۆ پیاو یان ژن، بەڵکو ڕەنگە کێشەکە هۆکارەکەی خەڵکانی دەرەوەی خێزانیش بن.
مژدە لەوبارەیەوە دەڵێت"زۆرجار کێشە مێردەکەم دروستی ناکات، بەڵکو ئەو کەسانە دروستی دەکەن، کە لە خۆیانەوە کەس ناناسن و تەلەفۆن دەکەن" ئەو گلەیی لەو کەسانە هەبوو کە ئەبنە هۆی کێشەیماڵەکەیان "زۆر بەداخەوەم بۆ ئەو کەسانەی کە ئاوا بێ ئیش بە مۆبایل ڕادەبوێرن، ئاخر خۆشەویستییان لە ماڵەکەمدا هەڵگرتووە"
ژنانیش زۆرجار بە گوماندەبن لە مۆبایلی پیاوەکانیان، سەیری ئەو ناوانە دەکەن کە لەن مۆبایلەکانیاندایە بۆئەوەی بزانن بە چ کەسێکەوە پەیوەندییان کردووە. هەندێجاریش بە گومانن لە پەیوەندییە تەلەفونییەکانی هاوسەرەکانیان.
چۆپی بڕوای وابوو کە زیاتر ئەو دیاردەیە لەناو پیاواندایە نەك ژنان، چونکە پیاو لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئازادترە.
(یۆهان) کە یەکێك بوو لەو گەنجانەی کە ساڵێکە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا خێزانی پێکەوە ناوە، سەیرکردنی مۆبایلی هاوسەرەکەی زۆر بەلاوە ئاساییە، چونکە وەك خۆی دەڵێت "هەر ژمارەیەك لای ئەو هەبێت لای منیش هەیە، هەرکات قسە لەگەڵ کەسێك بکەم ئەو ئاگادارە،زۆر ئاساییە گەر سەیری مۆبایلەکەشم بکات"